*Journal of Language Studies* **Vol.8, No.5, 2024, Pages (213-232)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.5.11**

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**
**Journal of Language Studies**
**Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS**

# Moral aspects of despair: Kamran Mukri's Ethical Analysis of the Text (For Awareness).

**Dilman Qadir Ahmed***
**Garmian University / College of Education / Department of Kurdish Language**
**dilman.qadir@garmian.edu.krd**

**Received:** 10/ 4 /2024, **Accepted:** 6 / 5 /2024, **Online Published: 31/ 5 / 2024**

## Abstract

This paper examines Kamran Mukri's poem "For Awareness" within the framework of Kurdish literary criticism and highlights the moral aspects of despair in the text. It investigates the motivation behind the poem and its intentions. The study points to the role and importance of poetry as a tool in raising awareness about the suffering of the poor and oppressed. It analyzes the historical context, explores the relationship between women, country, and nature, and emphasizes the poet's inner struggle. The study uses a descriptive-analytical method and makes use of an ethical approach to understanding despair. The aim is to contribute to the Kurdish critical discourse on Kamran Mukri's poetry.

**Keywords:** Kamran Mukri, for awareness, despair, ethics, literary criticism.

* **Corresponding Author**: Dilman Qadir, **Email:** dilman.qadir@garmian.edu.krd
**Affiliation**: Garmian University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

**الجوانب الأخلاقية لليأس :**
**التحليل الأخلاقي للنص (للتوعية) عند كامران مكري**

**م. ديلمان قادر أحمد**
**جامعة كرميان / قسم اللغة الكردية**

**المستخلص**

يتناول هذا البحث شعر كامران مكري "للتوعية" في إطار النقد الأدبي الكردي، ويسلط الضوء على الجوانب الأخلاقية لليأس في النص. يبحث في دوافع القصيدة ومقاصدها. وتشير الدراسة إلى دور الشعر وأهميته كأداة للتوعية بمعاناة الفقراء والمظلومين. ويحلل السياق التاريخي، ويستكشف العلاقة بين المرأة والبلد والطبيعة ويؤكد على الصراع الداخلي للشاعر. استخدمت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، كما استخدمت المنهج الأخلاقي في فهم اليأس. الهدف هو المساهمة في الخطاب النقدي الكردي لشعر كامران مكري.

**الكلمات الدالة:** كامران مكري، للوعي، اليأس، الأخلاق، النقد الأدبي.

**دیوە ئەخلاقییەکانی نائومێدی:**
**شیکردنەوەیەکی ئەخلاقیی دەق (بۆ ئاگاداری)ی کامەران موکری**

**ديلمان قادر أحمد**
**زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، لە شیعری "بۆ ئاگاداری"ی کامەران موکری دەکۆڵێتەوە و تیشک دەخاتە سەر لایەنە ئەخلاقییەکانی نائومێدی لە دەقەکەدا. لێکۆڵینەوە لە پاڵنەرەکانی پشت شیعرەکە و مەبەستەکانی دەکات. توێژینەوەکە ئاماژە بە ڕۆڵ و گرنگیی بەشداریکردنی شیعر وەک ئامرازێک لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا لەبارەی ئازاری چینی هەژار و چەوساوەوە، دەکات. بەستێنی مێژوویی شیدەکاتەوە، لە پەیوەندی ژن و نیشتمان و سروشت دەکۆڵێتەوە و جەخت لەسەر خەباتی نێوەکیی شاعیر دەکاتەوە. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی شیکاری بەکاردەهێنێت، و بۆ تێگەیشتن لە نائومێدی سوود لە ڕێبازی ئەخلاقیی ڕادیکاڵی وەردەگرێت. ئامانجی بەشداریکردنە لە گوتاری ڕەخنەی کوردی لەسەر شیعری کامەران موکری.

**کلیلە وشەکان:** کامەران موکری، بۆ ئاگاداری، نائومێدی، ئەخلاق، ڕەخنەی ئەدەبی.

**پێشـــەکی:** کامەران موکری شـــاعیری دیاری ئەدەبی کورد، بەرهەمە شـــیعرییەکانی پرسی زۆر و هەمەجۆری لەخۆ گرتووە، لە نێویشـــیاندا بە دیاریکراوی، پرســـەکانی وەک: نیشـــتیمان و نەتەوە، سروشـــت و جوانیی وڵات، ژن. کامەران و شـــیعرەکانی، لە قۆناغی خۆیدا ڕۆڵێکی ســـەرەکییان لە دروســـتکردن و پێکهێنانی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەبووە. دیوانی (زەبری هۆنراوە-١٩٧١) وەکو دوادیوانی شـــاعیر **(**کاکەی فەلاح،٢٠٢٠: ٢٢٨**)**، ســـەرچاوەی گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی گرنگ و کاریگەر بووە، بەشـــێوەیەک گفتوگۆکان دابەشـــبوون بەســـەر دوو بۆچوونی جیاوازدا، بۆچوونێک کامەران وەکو شـــاعیری نەتەوەیی دەبینێت و ســـەرکەوتنی کامەرانیش بەو مەبەســـتە شـــیعرییەوە دەبەســـتێتەوە. بەڵام بۆچوونێکی تر کامەران بۆ نێو بازنەی ئایدۆلۆجییایەکی تر دەبات، کە ڕەگ و ڕیشـەی بۆ پرسی چینایەتی و سـەرنجخسـتنە سـەر پرسـەکانی تایبەت بە چینی هەژار، دەگەڕێتەوە. بەڵام لەو نێوەندەدا دەقی (بۆ ئاگاداری) دەکرێت ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەســـەری کێشـــەی گوتاری ڕەخنەی کوردی لەبارەی کامەران بەگشـــتی و دیوانی زەبری هۆنراوەدا بەتایبەتی، بگێڕێت، بە تایبەتی بە گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووەی کە دەقەکە و گوتـارە ڕەخنەییەکـانی دەورووبەری دیوانەکەی تێـدا دروسـتبووە. لەوبارەیەوە کێشـەی ئەم توێژینەوەیە لە دەوری ئەو پرسـیارەدا دەسـوڕێتەوە، کە بۆچی شاعیر ئەم دەقە تایبەتەی نووسیوە و مەبەستی بووە لە ڕێگەیەوە کێ ئاگادار بکاتەوە.

**ســـنووری توێژینەوەکە:** ســـنووری توێژینەوەکە خۆی لە لێکۆڵینەوە لە دەقی (بۆ ئـاگاداری) دا دەبینێتەوە، هەروەها ئەوندەی توانیویەتی، بۆ ئەو سـەرچاوانەیش گەڕاوەتەوە، کە واتا و مەبەسـتی دەقەکەیان دیاری کردووە و لەقاڵبیان داوە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:** بۆ چارەسـەری کێشـەی توێژینەوەکە و دۆزینەوەی وەڵام، چەند پرسـیارێک لێرەدا خراونەتە ڕوو:

1. ئـایا دەقی (بۆ ئـاگاداری) ڕەنگـدانەوەی ئـایـدۆلۆجییـایەکی تـایبەت، یاخود پێویســـتییەکی کۆمەڵایەتی بووە.
2. ئایا کامەران موکری لەو دەقەدا پرسی هەژار و ســـتەملێکراوانی لە پرســـە نەتەوەییەکان جیاکردۆتەوە؟
3. ئایا دەقی (بۆ ئاگاداری)ی کامەران موکری، لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چۆن لایەنە ئەخلاقییەکانی نائومیدی دەردەخات؟

**وەڵامی گریمانەیی توێژینەوەکە:** وەڵامی گریمانەییەکانی توێژینەوەکە بەو شێوەیەن:

1. دەقی بۆ ئاگاداری لە دەرەوەی ئایدۆلۆجییایەکی تایبەتەوە، وەک پێویســـتییەکی کۆمەڵایەتی نووسراوە.
2. ئەگەرچی لەو دەقەدا کامەران پێی وایە ئیتر شـیعر بۆ چینی چەوسـاوە و هەژار ئەنووسـێت، بەڵام هێشتا ئەو پرسە پرسێکی نەتەوەییە و لە چوارچێوەی کێشە و گرفتی نەتەوەییدایە.
3. دەقی بۆ ئاگاداری دووڕیانێکی ئەخلاقی پیشـان دەدات، کە بە هەسـتی نائومێدی دەناسرێتەوە. تیشـک دەخاتە سـەر خەباتی نێوەکیی شـاعیر و ئەو ڕووبرِکێ کۆمەڵایەتییانەی، کە لەڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا دەقەکە توخمی هیوای لەخۆی گرتوە و جەخت لەســـەر پابەندبوونی ئەخلاقی چارەســـەری ئازارەکانی هەژاران و ستەملێکراوان لە ڕێگەی شیعرەوە، دەکاتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە لە هۆکارەکانی پشت بڕیاری کامەران موکری لە نووسینی دەقی بۆ ئاگاداری بکۆڵێتەوە و ئەو گروپە دەربخات، کە شاعیر ویستوویەتی ئاگاردایان بکاتەوە. بە پشتبەستن بە گوتاری دەورووبەری دەقەکە و پاشان بە گەڕانەوە بۆ دەقەکە بە دیاریکراوی، دەیەوێت پەیوەندی ژن و وڵات و سروشتی نیشتیمان بە واتای گشتی دەقەکەوە بخاتەڕوو.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە، گەڕان بە دوای پێگەی دەقی بۆ ئاگادرای لە گوتاری ڕەخنەی کوردیدا دەکات. ئەو پەیام و بابەتانەی لە دەقەکەدا هەن، دەریاندەخات. لە چوارچێوەی مێژووی دەقەکەدا قوڵ دەبێتەوە و گوتاری ڕەخنەی کوردی لەوکاتەدا سەبارەت بەو دەقە دەخاتە ڕوو. جگە لەوەش گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەردەکەوێت، کە کامەران موکری بۆچی ئەو شیعرەی نووسیوە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقی (بۆ ئاگاداری)یەوە ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندیی شاعیر لەگەڵ ڕەخنەگران و هەڵوێستی ئایدۆلۆجی و ئەو تەوەر و بابەتانەی، کە لەدەقەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە. تێگەیشتنێکی ورد لەبارەی دەقەکە و پاشانیش ڕۆڵی ئەو دەقە لە پێکهێنانی وێنەیەکی گەورەتر و گشتیی شیعرەکانی کامەران موکریدا دیاری دەکات.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە شیکردنەوەیەکی زانستی، پشتی بە میتۆدی (وەسفیی شیکاری) بەستووە. پاشان بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ورد و ڕوونتر لە وتار و توێژینەوەکانی پێش خۆی لە دەقەکەدا بەرهەمبهێنێت، ئەوا لە ڕووی تیۆرییەوە بۆ ناسینەوەی چەمکی نائومێدی، پشتی بە دوو ڕوانگەی ئەخلاقی ڕادیکاڵ و ئۆنتۆلۆجیای سورین کیرکیگارد، بەستووە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش و ئەنجامەکانی پێک دێت. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە دەتوانین وەک (توێژینەوەکانی پێشتر/Previous studies) مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە وا بەباشزانراوە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی کورد، لە هەر سەرچاوەیەکی وەکو (کتێب، توێژینەوە و وتاری نێو گۆڤار و ڕۆژنامە)کان، کە لەبارەی دەقی بۆ ئاگادارییەوە بەدیاریکراوی هەبوون، پێشکەش بکات. پاشان لە بەشی دووەمدا و لەژێر ناونیشانی (دەقی بۆ ئاگاداری و دیوە ئەحلاقییەکانی نائومێدی)دا، بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی، کار لەسەر شیکردنەوەی دەقەکە کراوە. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو، کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە.

## 1 - دەقی بۆ ئاگاداری لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا

پرسی نیشتیمان و جوانیی سروشت و ئافرەت لە ئەرک و تێما گرنگەکانی ئەدەبی کوردی قۆناغی کامەران موکری بوون، لەو چوارچێوەیەشدا لە وێنەیەکی گەورەدا کامەران موکری شاعیری نیشتیمان و پرسە نەتەوەییەکانە، بۆ ئەو مەبەستە گەلێک دەقی جوان و ورد و سەرنجڕاکێشی هەیە، کە دەکرێت بڵێین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی پێش ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتن و تێی گەیشتوون. بەڵام هەمیشە ئەو وێنە گەورەیە لە پاژی بچوکتر پێکهاتووە و هەر پاژێکی بچووکیش دەکرێت مانایەکی سەربەخۆی تایبەتی هەبێت، و وێنە گشتییەکە لەخۆیدا ونی بکات. دەقی "بۆ ئاگاداری" **(**کامەران موکری، ٢٠١٣: ٣٥٠-٣٥٢**)**. یەک لەو دەقە گرنگ و هەستیارانەی شاعیرە، کە

کێشــەیەکی زۆر بۆ ڕەخنەگران و خوێنەرانی شــاعیرەکە دروســت دەکات. لێرەدا کە بەر ئەو دەقە دەکەوین، ئەوا ڕاســتەوخۆ ڕووبەڕووی ئەو پرســیارە دەبینەوە، ئاخۆ کامەران بۆچی ئەو دەقەی نووسـیوە و هەروەک لە ناونیشـانەکەشـییەوە دەردەکەوێت، دەیەوێت لە ڕێگەیەوە کێی لێ ئاگادار بکاتەوە!.

کامەران و شیعرەکانی بەشێوەیەکی گشتی پێگەیەکی گرنگیان لە چوارچێوەی گوتاری ڕەخنەی کوردیدا هەیە، دیوانی (زەبری هۆنراوە) بەگشــتی و دەقی (بۆ ئاگاداری) بە دیاریکراوی، لە قۆناغی کامەران خۆیدا و پاش کامەرانیش، بوونەتە جێی پرســیار و گومانی شــیعردۆســتان و خوێنەرەکانی. وەک ئەوەی، کە دەگوترێت"هۆنراوەکانی کامەران لە ئایدۆلۆجییەتێکی تایبەتەوە هەڵقوڵاون، و ئەو ئـایـدۆلۆجییەتەش لە نـاوجەرگەی کۆمەڵەوە هـاتۆتە دەرەوە. یـاخود ئەنجـامی پێویســتییەکی کۆمەڵایەتییە، کە کامەران هەســتی پێ دەکات." **(**محمد صــدیق عارف، ١٩٥٨: ٣٦**)**. یاخود بە دەربڕینێکی تر"شــیعرەکـانی کـامەران پەیوەنـدییەکی بەتینی بە ئێش و ئـازاری نەتەوەکەیەوە هەبووە..."**(**ســاجـد ئـاوارە، ١٩٨٩: ١٤٦**)**. کەوایە ئـاخۆ کـامەران بۆچی دەقی (بۆ ئـاگـاداری) دەنووسێت؟ لە دەقەکەدا پەیوەندی نیشتمان و ئافرەت بە نائومێدیی کامەرانەوە چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە هەمان ئەو تێڕوانینەی (زمناکۆ) بە دروست دەزانین **(**بڕوانە: زمناکۆ، ١٩٧١: ٣**)**، کە گرنگە بۆ دەوروبەری نووسـینی دەقی (بۆ ئاگاداری) بگەڕێینەوە، واتە (١٩٧٠) بۆ دواوە. لە گوتـاری ڕەخنەی قۆنـاغەکەی خۆیـدا و بە دیـاریکراویش ئەو قۆنـاغەی، کە دەقی (بۆ ئاگاداری) تێدا نووسراوە، ڕەخنەیەکی توند ئاڕاســتەی شــیعرەکانی کامەران و بەهرە شــیعرییەکەی دەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی، کە کەسێتی خۆیشی ڕووبەڕووی توانج دەبێتەوە. **(**فوئاد مەجید، ١٩٧٢: ٣**)**. لەبەرئەوەی ڕەخنەگرانی کامەران پێیان وایە، شــاعیر بەهرەی لاوازبووە و نەیتوانیوە لە ئاســتی پێویســتی قۆناغەکەی خۆیدا بێت. واتە پێیان وابووە، کامەرانی پێش حەفتا و حەفتا، یەک کامەران نین. کامەرانی حەفتاکان نابێت بە کەســێتی و بیرکردنەوەی پێش حەفتاکانەوە بێتە مەیدانەوە، و ناکرێت خوێنەری قۆناغی نوێ بە بەرهەمی بەرزی ڕابردووی دەمکوت و بێدەنگ بکات. **(**بڕوانە: حسێن عارف، ١٩٧٠: ٨**)**، هەروەها **(**بڕوانە: بەهرە، ١٩٧٢: ٣٢**)**.

هەروەها ئەو تێڕوانینەش لەســەر کامەران هەبووە، کە پێش دیوانی زەبری هۆنراوە، باوەڕێکی بە تینی بە نیشــتیمان هەبووە و لەو پێناوەشــدا بە ســەر و ماڵ قوربانی داوە، کەچی ئێســتە وەک بۆرژوایەک بیر دەکاتەوە، لەبەرئەوەی گوایە هیچ پاداشــت و خۆشــییەکی لەم نیشــتیمانە نەبینیوە. **(**بڕوانە: سامی شۆڕش، ١٩٧١: ٣**)**.

لە وەڵامی سامی شۆڕشدا (فواد مەجید) دەڵێت:"...شاعیرێکی بۆرژوا هەرگیز بەرگری لە پاڵە و جوتیار ناکات، ئەمە جگە لەوەی کامەران لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی دەســاڵەی شــۆڕشــدا بۆی دەرکەوتووە کە ســووتەمەنی شــۆڕشی کورد هەژار و جوتیـار بووە بۆیە کردوونی بە هەوێنی شــیعرەکانی." **(**فوئاد مەجید، ١٩٧٢: ٣**)**. بەو شــێوەیە وەک لەو تێڕوانینەی فوئاد مەجیددا دەردەکەوێت بیرکردنەوەی کامەران نەک هەر ســەر بە چینی بۆرژوا نەبووە، بەڵکو پێی وابووە کامەران هەمان ئەو بیرکردنەوەیەی هەبووە، کە بزوێنەری شــۆڕشی نەتەوەخوازی پێشــکەوتووی کورد بووە. واتە کامەران لە نەریتی شــاعیری بۆرژوایی دوور بووە و بە پەرۆشــەوە ئاوڕی لە مرۆڤی هەژار و برسی داوەتەوە.

تەنـانەت کەســێک بە نـاوی (بەهرە) ڕوونتر ڕەخنە و ســەرنجی خۆی دەردەبڕێـت و دەڵێت:"...کامەران نەئەبوو تەنیا تەقینەوەکەی ســاڵانی بەر لە کارەســاتی شــۆڕش بێ، بەڵکو ئێمە

وامان لە کامەران ئەویست لە شیعرەکانیا هەر ئەو لاوە شۆڕشگێڕە بێ کە بەردەوام لە شۆڕشایە و ئەتەقێتەوە و بەردەوام ئەبێ لە تەقینەوە..."**(**بەهرە، ١٩٧٢: ٣٢**)**. واتە بە بۆچوونی بەهرە، کامەرانی شاعیر وەکو ڕووداوێکی مێژوویی دەردەکەوێت و لە ئاست سەردەم و قۆناغی نوێ **{**بۆ ئەوکات**}** نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا هیوای ئەوەی بە کامەران هەیە وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕ ڕۆڵی خۆی لە هەموو کاتێکدا ببینێت، بەردەوامی بدات بە ئەو پابەندبوونەی، کە لە ڕابردوودا هەیبووە.

وەڵامی ئەو تێڕوانینەی بەهرە بە سەرنجێکی (فوئاد مەجید) لەبارەی شیعرەکانی کامەرانەوە دەدەینەوە، کە دەڵێت:"بێگومان ئەوەی بە دوای شیعرەکانی کامەراندا گەڕابێت لە ساڵەکانی ٥٨ و ٥٩ وە تا ئێستا و بەراوردی بکات لەتەک شیعرە تازەکانیدا جیاوازییەک بەدی ئەکا، بەڵام ئەم ڕایە ئەوە ناگەیەنێت کە کامەران بڕوای بە مەسەلەی نەتەوایەتی نەماوە یاخود پاشگەزبووەتەوە لەوەی وتوویەتی."**(**فوئاد مەجید، ١٩٧٢: ٣**)**.

هەرچی کامەران موکری خۆیەتی، بە دیاریکراوی نوسینێکی ڕەخنەیی بۆ وەڵامی ئەو ڕەخنانە نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە لەبارەی مەبەست و ئەرکی شیعرەکانییەوە دەڵێت:"من ئەوە بۆخۆم بە پێویست دەزانم کە هەمیشە لەگەڵ هەستی ڕەنجبەراندا بم."**(**کامەران موکری، ١٩٧٠: ٤**)**.

ئەوەی تا ئێرە ئاماژەی پێکراوە، وەک زەمینەسازییەکی مێژوویی و ڕەخنەیی خستنەڕووی ئەو سەرنج و تێڕوانینانەیە، کە بەگشتی لەسەر شیعر و بەهرەی کامەران و بە تایبەتی لەسەر دیوانی زەبری هۆنراوەکەی، لە قۆناغی خۆیدا هەبوون. لێرەوە بۆ ئەوەی لە سنووری توێژینەوەکە دەرنەچین، ئەو تێڕوانینەی (دوکتۆر دڵشاد عەلی) بە وەڵامێکی وردی ئەو سەرنجانە دەزانین کە ئاماژەی پێکراوە، واتە"...ئەوەی لە کامەران داوا دەکرا زۆر بە ئاشکرا و ڕوونی لە (زەبری هۆنراوە)کەیدا بەدی دەکرێت و ئەم دیوانەی کامەران نەک هەر هێمای وەستان و بەرە و دوابوونەوەی ناکات، بەڵکو زۆربەی هۆنراوەکانی ناو ئەم دیوانە بونەتە بنکەی ئەو تەقینەوە نوێیەی کە داوای لێ دەکرا..."(دڵشاد عەلی، ١٩٩٠: ١٢٤**)**.

لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا وا هاتووە، کە بنەمای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق ئەو یەکگرتن و هاوپەیمانێتییە بوو، کە لە نێوان بەعسی و شیوعی و نەتەوەییەکان و کورد و شۆڕشگێڕەکاندا، دژ بە داگیرکار و سیستەمی سەرمایەداری، پێکهاتبوو. لە بنەڕەتیشدا هاوپەیمانێتییەکە فراوانترین بەرەی چینی هەژار و چەوساوە بوو، کە دژی هێزە تێکدەرەکان و ئاژاوە تایيفیی و پیلانگێڕیەکان هەڵوێستیان وەرگرتبوو. **(**بڕوانە: ڕۆژنامەی هاوکاری، ١٩٧٠: ١٥**)**. وە نەبێت لە چوارچێوەی شۆڕش و ئەو باردۆخەی لە ئەنجامی شۆڕشدا لەو قۆناغەدا دروستبووە، نەتەوە پرسێکی فەرامۆشکراو بووبێت، بەڵکو پرسێکی گرنگ بووە، بەڵام بەو مەرجەی بیرکردنەوە لە نەتەوە، خەباتی چینی چەوساوە و هەژار فەرامۆش نەکات، چونکە لە بیرکردنەوەی بەعسیـ ئەوکاتەو و شۆڕشی سۆسیالیستدا، شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی پێشکەوتوو بەوەدا دەناسرێتەوە، کە لەگەڵ پرسە نەتەوەییەکەدا، لە خەمی پرسی هەژار و چینی چەوساوەشدایە و بەدوای چارەسەری پرسی چینایەتیدا دەگەڕێت. **(**بڕوانە: جنسکایا، ١٩٧٠: ٤**)**. هەر ئەو بیرکردنەوەیەش بە تەواوی ببووە خواست و ئەرک لەسەر شانی ئەدیبان و ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە. داوا دەکرا کە هونەر و ئەدەب بەگشتی ڕەنگدانەوەی گیروگرفتەکانی نەتەوە بێت و ڕادەی سەرکەوتنی هەر کارێکی هونەری و ئەدەبی بەسترابۆوە بەو پێوانەیەی، کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەک توانیویەتی پەنجە بخاتە سەر ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشییەکانی کۆمەڵەکەی. ئەم ڕوانینە ڕەخنەییە بۆ ئەرکی ئەدەب تا ئەو ئاستە چووە کە پێی

وابووە، بەرھەمێک ئەگەر گیانی نەتەوە و کۆمەڵەکەی لەخۆیدا ھەڵنەگرتبێت ئەوا وەکو کەفەژیلە و بڵقی سەرئاو وایە. **(**ھەمان سەرچاوە: ٦**)**.

لێرەوە گرنگە ھەموو سەرنج لەسەر دەق (بۆ ئاگادرای)، کە خۆیشی ھەر یەکێکە لەو دەقانەی کە ســـەر بە دیوانی زەبری ھۆنراوەیە، چڕبکەینەوە، چونکە ئەو دەقە لە نێو دیوانەکەدا ھەڵگری تایبتمەندێتیی خۆیەتی و بۆتە ھۆی دروســـتبوونی پرســـیار و گومان، لەســـەر ویســـت و ئیرادە شـــیعرییەکەی کامەران، و خوێنەر ھەســـت بەو دابڕانە دەروونییەی شـــاعیر لە نێوان خۆیی و کۆمەڵەکەیدا دەکات. دەکرێت خوینەر ھەمان ئەو تێگەیشتنەی (سامی شۆڕش)ی ھەبێت، کە پێی وایە کامەران تووشی پچڕانی فیکری بووە، گوایە لە شـیعری بۆ ئاگاداریدا، مەسـەلەی چینی ھەژار و چەوساوەی لە مەسەلە نەتەوایەتییەکە جیاکردۆتەوە. **(**بڕوانە: سامی شۆڕش، ١٩٧١: ٣**)**.

لێرەدا بەر لەوەی وەڵامی ئەو ســـەرنجەی ســـەرەوە بخەینە ڕوو، کە ســـەرچاوەی یەکێک لە پرســـیار و گریمانەکانی توێژینەوەکەیە، گرنگە ئاماژە بۆ تێڕوانینێکی دوکتۆر دڵشـــاد عەلی بکەین، کە دەڵێت:"بەم جۆرە ئاوڕدانەوەمان لە گەڵێ پارچەی ناو (زەبری ھۆنراو)کەی و مامەڵەکردنمان لەگەڵیاندا وەک پارچەیەکی یەکگرتوو، نەک تەنھا ھەڵبژاردنی یەک دوو دێڕ لێرە و لەوێ، ڕاستەوخۆ دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییەی کە ئەم ھەنگاوەی کامەران بۆ خۆی ھەنگاوێکی نوێبوونەوە بووە و کەم و زۆر ســـیمای پاشـــگەزبوونەوەی تێدا بەدیناکرێت..."**(**دڵشـــاد عەلی، ١٩٩٠: ١٢٥**)**. بەڵگەی تێڕوانینەکەشی ھەر دەق بۆ ئاگاداری کامەران موکری خۆیەتی، بەڵام توێژەر لەوێدا ھەموو دەقەکە وەرناگرێت و تەنھا چەند دێڕێک یاخود دوو پارچەی دەقەکەی وەرگرتووە:

بەڵێن بێ ئەی کچ، بەڵێن بێ ئەی گوڵ
ئەی دەشت و دەر و چیای کوردستان
من جارێکی تر نە بەدەم نە دڵ
بۆ ئێوە نەڵێم ھۆنراوەی جوان جوان
تەنھا ھۆنراوە ئەڵێم بۆ ھەژار
ھەر لەگەڵ ئێوەم ئەی ھەژارینە
تەنھا ھۆنراوە ئەڵێم بۆ ھەژار
ھەژار ھەوێنی شـــــیعری خوێنینە

لە ڕاســتیدا ئەو تێڕوانینەی دوکتۆر دڵشــاد دروســتە، کە پێی وایە دیوانی زەبری ھۆنراوەکەی کامەران ئەگەر وەکو گشت تەماشای بکەین، ئەوا پڕە لە نیشتیماندۆستی و خەمی سروشت، چینی چەوســاوەی کوردســتان، بە تایبەتی دەقەکانی (ســووتووی پەیام، کامەران موکری، سێ نامە، تکەی ئاگر، ئەم ئادەمیزادانە)، بەڵام دەق (بۆ ئاگاداری) بە دیاریکراوی، لە نێو دیوانی زەبری ھۆنراوەدا ناچێتەوە نێو بابەتی نیشــتیمانــدۆســـتی، یاخود لانیکەم دەقێکە تەواو نماینــدەی نیگەرانی و نائومێدییەکانی شاعیرە بەرامبەر بە نیشـتیمان، کە سروشـت و ئافرەت دەرکەوتەکانی نیشـتیمانن لە دەقەکەدا، سەرەڕای ئەوەی کامەران خۆی لە کۆپلەیەکی دەقەکەیدا بە دیاریکراوی ناوی (نیشتیمان: وەکو ســـنووری ئەزموون و ژیانکردن) وەکو خاک دەبات، بەڵام واتا دوورەکەی مەبەســـتی گەل و نەتەوەیە، وەکو ئەوەی دەڵێت:

نیشتیمانیشم که من شاعیربیم
لیم نەدی لەگەڵ منا نیان بێ

ئەوە لەکاتێکدا (دوکتۆر دڵشاد عەلی) پێی وایە کوردستان {کە دیارە مەبەستی ئەو پارچەیەی دەقەکەیە، کە لە توێژینەوەکەی خۆیدا وەرینەگرتووە} وەک جوانیی سروشـــت تەماشـــا دەکرێت نەک وەکو خاک و نەتەوە، بەڵگەی تێڕوانینەکەشی ئەو پارەچەیەیە، کە شاعیر تێیدا دەڵێت:

هۆنراوەکانم هەر بۆ ئافرەت بوون
بۆ خونچەی گوڵ و بۆ جوانی سروشت
خوێنیان ئەمژی لەبەهرەی دەروون
ڕســـتی زێڕین و جوانیان دا ئەڕشـــت

ئەو تێڕوانینەی دوکتۆر دڵشاد دروستە، کە پێی وایە بە شێوەیەکی گشتی پرسی مرۆڤی هەژار و چەوســاوە هاوشــانی ئافرەت و جوانی و سروشــت، تێمای گرنگی دیوانە شــیعرییەکانی کامەرانن و ڕووکردنە هەژار لە دەق (بۆ ئاگاداری)ییەکەیدا بە مانای بیرگواستنەوە نایات. **(**دڵشاد عەلی، ۱۹۹۰: ۱۲۵**)**. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاســتییەشــدا، دەق بۆ ئاگاداری نیگەرانی و نائومێدی شــاعیرە بەرامبەر بەو مرۆڤ و خەڵکەی، کە بەرامبەر بە ئەو نەرم و نیان نەبوون.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە برەو بەو بۆچوونەی دوکتۆر دڵشـــاد خۆی دەدات، کە تێیدا ئاماژە بە نیگەرانیی کامەران دەکات بەرامبەر بە هەڵوێســـتی خوێنەرانی قۆناغەکەی خۆی، کە وایان بینیوە کامەران بەهرەی شیعرنووسینی وشکبۆتەوە. **(**بڕوانە: دڵشاد عەلی، ۱۹۹۰: ۱۲۵**)**، بۆ ئەو مەبەستە ئەم توێژینەوەیە دەق بۆ ئاگاداری دەکاتە بەڵگەی ئەو بۆچوونەی ســـەرەوە و پێی وایە شـــاعیر لە ڕێگەی ئەو دەقەوە وەڵامێکی ڕوون بە خوێنەرەکانی دەدات، کە ئیتر ئەو بەتەنها شـاعیری چەوسـاوە و چینی هەژارە و پشت لە سروشت و جوانیی نیشتیمان و خەڵکە بێمروەتەکەی دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەوەی خرایە ڕوو، لەڕاسـتیدا دەقی (بۆ ئاگاداری)ییەکەی کامەران ناتوانرێت بە تەواوی بخرێتە هیچ کام لە ڕێچکە (ناسـیۆنالیسـتی) و (ئەنتەرناسـیۆنالیسـتی)یەکەی ئەدەبیاتی ئەو قۆناغەوە. **(**بۆ زانیاری لەســـەر ئەو دوو ڕێچکەیە بڕوانە: دڵشـــاد عەلی محەمەد، محمد فاظل مصـــطفى، ۲۰۰۰**)**. بەڵکو لەو دەقەدا لەگەڵ ئەوەی ئاوڕدانەوەیە لە چینی چەوســـاوە و هەژار، هەروەها سەکۆی دەرخستنی نائومێدییەکەشیەتی لە گەل و نیشتیمان، چونکە پێی وایە ئەوەی ئەو بیری لێکردۆتەوە و خەباتی بۆ کردووە وەکو خۆی بەدینەهاتووە، هەر ئەوەش وا دەکات بڵێت:

بمزانیایە وتەی پاک و دەروونی پاک و دڵی پاک
هەمووی ئەکەن بە قوربانی تەلار و ئاڵتوون و سامان
شیعرم بۆ ئێوە نە ئەوت دڵیشم نە ئەکرد بە مۆم
کەمتەرخەمانە و گۆشـەگیر وەک ئێستا ئەژیام بۆ خۆم (کامەران موکری، ۲۰۱۳: ٤٤١)

ماوەتەوە بڵێین کامەران موکری لەو قۆناغەدا کە دیوانی زەبری هۆنراوەی تێدا نووســـیوە، لە ئەدەبیاتی کوردیدا بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی دروستبوونی گوتاری ڕەخنەیی. هەندێک لە ڕەخنەگران ئەو تیگەیشـــتنەیان خســـتۆتە ڕوو، کە شـــیعرەکانی کامەران، لە چوارچێوەی ئایدۆلۆجییایەکی دیاریکراودا ڕەگ و ڕیشـەیان لە ئازار و نەهامەتییەکانی میللەتەکەیدا هەیە، لەبەرامبەردا هەندێکی تر پێیان وایە بەهرەی شـــیعری کامەران لاواز بووە و نەیتوانیوە لە ئاســـتی پێوســـتی و داواکارییەکانی سـەردەمی خۆیدا {قۆناغی دیوانی زەبری هۆنراوە} بێت. تێڕوانینی دژبەیەک هەیە لەسـەر ئەوەی کە ئایا بیرکردنەوەی کامەران لەگەڵ بۆرژوازیدا هاوتەریب بووە، یان پابەند بە گیانی شـــۆڕشـــگێڕانەی بزووتنەوەی ناســـیۆنالیســـتی کوردییەوە ماوەتەوە. لە کاتێکدا هەندێک لە ڕەخنەگران نائومێدی خۆیان لە دابڕانی فیکری کامەران لە کۆمەڵگەکەی دەردەبڕن، هەنـدێکی دیکە بەرگری لێدەکەن و پێیان وایە کارەکانی نوێنەرایەتیی بانگەوازێک بۆ نوێبوونەوە و شۆڕش دەکات.

ئەم باســە لەگەڵ ئەوەی وەڵامی ئەو تێڕوانینە جیاوازانە دەداتەوە، هەروەها جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە کە دیوانی شـیعری کامەران بە گشـتی ڕەنگدانەوەی نیشـتیمانپەروەری و خەمخۆری سروشــت و چینی چەوســاوەی کوردســتانە. بەڵام دەقی (بۆ ئاگاداری) وەکو دەرکەوتەی بێهیوایی و نائومێدیی شــاعیر لە نیشــتیمان و گەلەکەی دەردەکەوێت، ئەوە دەردەخات کە کامەران نەک هەر وەک شــتێکی فیزیکی، بەڵکو وەک شــوناســێکی بەکۆمەڵ ســەیری نیشــتیمانی کردووە و هەســتی گۆشەگیری و دابڕانی خۆی لەئاستیدا دەربڕیوە.

لە کۆتاییدا، ئەم سەرباسە تێڕوانینێک بۆ گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە دەوری دەقی (بۆ ئاگاداری) دەخاتە ڕوو. تیشــک دەخاتە ســـەر ئاڵۆزییەکانی پەیوەندییەکەی لەگەڵ پێشـــوازی و لێکدانەوەکانی لە سەردەمی خۆیدا. شیکارییەکە بەگشتی ئەوە دەردەخات، کە دەقی بۆ ئاگاداری هەم نیشـتمانپەروەری و هەم نائومێدی بەرجەسـتە دەکات، هەروەها پرسـیار لەبارەی ڕۆڵی ئەدەب لە ڕەنگدانەوەی پرســە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو چاوەڕوانییانەی، کە لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا لەسەر شاعیران دانراون، دەوروژێنێت.

## 2 - دەقی بۆ ئاگاداری و دیوە ئەخلاقییەکانی نائومێدی

وەک ئەوەی لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا خرایە ڕوو، کە کامەران شاعیری نیشتیمان و سروشــت و چینی هەژار و چەوســاوەی نەتەوەکەی خۆیەتی، ئەوا دەتوانین بڵێین زەمینەســازییەکی باش کراوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بچینە نێو لێکدانەوەیەکی ئەخلاقیی دەقی (بۆ ئاگاداری)یەوە. لەم بەشەدا وەڵامی ئەو گریمانەیە دەدرێتەوە، کە دەقەکە وەک هەڵوێستێکی ئەخلاقی بۆ پرسی نائومێدی سەیر بکرێت، بەشێوەیەك کە تیشک دەخاتە سەر گرنگیی چارەسەرکردنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مرۆڤە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە. لەم بەشـــەدا لە ڕێگەی شـــیکردنەوەیەکی ئەخلاقیی دەقی بۆ ئاگادارییەوە وەڵامی ئەو پرســیارە دەدرێتەوە، کە ئاخۆ دەکرێت کامەران دەربڕین و خواستی کەسی لە پێشینە دابنێت، یاخود چارەسەری نیگەرانییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییە دیارەکانی سەردەمەکەی بکات؟

ئەو گفتوگۆیەی کە لە دەوری دەقەکەدا دروست بوون، کامەران و دەقە شیعرییەکانی دەبەنە نێو پرسی ڕەســەنایەتی و گەڕان بە دوای ڕاســتیدا. شــیکردنەوە و دەرخســتنی بارودۆخی ئەخلاقی و پرسی ڕەسەنایەتی لە دەقەکەدا، دەکرێت پرۆسەیەکی گرنگ و خودی بێت و جەخت لەسـەر گرنگی و کاریگەری و ســـۆزداری دەربڕینە هونەرییەکانی نێو دەقەکە بکاتەوە. چونکە ئەم بەشـــە ئەو

گریمانەیەش دەخاتە ڕوو، کە دەق بۆ ئاگاداری دەرئەنجامی پەوەندی و هەڵوێستی کامەران بە نیشتیمان و ئەو نائومێدییەیە، کە بەرامبەری هەیەتی، لەدایک بووە. پرسیار سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی هونەرمەند بەرامبەر بە میللەتەکەی دەوروژێنێت و خۆشەویستی و خەمخۆری شاعیر بۆ نیشتیمانەکەی و پابەندبوونە ئەخلاقییەکانی پەیوەست بەوەوە، دەخاتە ڕوو.

کەواتە ئەم بەشە دیدێکی ڕەخنەیی ئەخلاقییە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئەو بابەت و بیرۆکانە شی بکرێنەوە کە بە دیاریکراوی لە دەق (بۆ ئاگاداری)یدا خراونەتە ڕوو، تیشک دەخرێتە سەر ڕەچاوکردنی کاریگەرییە ئەخلاقییە ئەگەرییەکان و لێکدانەوەیەکی تاکەکەسییە و کراوەیە بۆ گەڕان و گفتوگۆی تر. بۆ ئەو مەبەستە و بۆ گەیشتن بە لێکدانەوەیەکی درووست ئەم بەشە بەسەر دوو سەرباسدا دابەش دەکرێت، سەرباسی یەکەم بۆ پێناسەکردن و ناساندنی چەمکی نائومێدییە لەچوارچێوەی هەردوو ڕوانگەی (ئەخلاق ڕادیکاڵ) و (ئەخلاق ئۆنتۆلۆجی)یەوە. پاشان لە سەرباسی دووەمی ئەم بەشەدا لە ڕێگەی ئەو بنەما تیۆرییانەی، کە لە سەرباسی یەکەمەوە پێی گەیشتووین، شیکردنەوە بۆ دەق ئاگاداری دەکەین.

## ١-٢ ڕوانگەی ئەخلاق ڕادیکاڵ و ئۆنتۆلۆجیای سورین کیرکیگارد بۆ نائومیدی

ئەخلاق ڕادیکاڵ و ئۆنتۆلۆجیا بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەما ئەخلاقییەکان و ناسینەوە و ئاشکراکردنی دەرکەوتە ئەخلاقییەکان، لە بوارە جیاوازەکاندا بەگشتی و لە دەق ئەدەبیدا گرنگی خۆی هەیە، بە تایبەتی بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی نائومێدی، چونکە یارمەتی تاک دەدات بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی گشتگیر بەڵام ورد لە چەمکی نائومێدی دەستەبەر بکات. دیارە لێرەدا گرنگیی تێکەڵکردنی ئەو دوو ڕوانگەیە بۆ ئەخلاق نائومێدی هۆکاری خۆی هەیە، وەک زۆرجار ئەخلاق ڕادیکاڵ ڕووبڕکێی چوارچێوەی ئەخلاق ئاسایی و گشتی دەکات و دیدگا و تێگەیشتنی جێگرەوە بۆ پرسە ئەخلاقییە جیاوازەکان پێشنیار دەکات، بە تیکەڵکردنی بنەما ئەخلاقییە ڕادیکاڵەکان وەک ئەوەی لە فەلسەفەی بوونگەرایی و پۆستمۆردێرنەدا دەبینرێن، دەتوانن حوکمە ئەخلاقییە تەقلیدییەکان تێبپەڕێنن و لە ئاڵۆزییەکانی بوونی مرۆڤ بکۆڵننەوە و جەخت لەسەر ئەزموونی سوژە و بەرپرسیارێتی تاک و گرژی و دژایەتییە سروشتییەکانی ژیانی مرۆڤ دەکەنەوە. هەروەها ئۆنتۆلۆجیای کیرکیگارد سەرنجی لەسەر ئەزموونی خودی تاکە و جەخت لەسەر گرنگی ئازادی و هەڵبژاردنی تاکەکەسی و ڕەسەنایەتی لە تاکدا دەکاتەوە. بە بڕوای کیرکیگارد نائومێدی لە بوونی خۆئاگاداری و شکستهێنان لە ناسینەوەی خودی ڕاستەقینەی مرۆڤ و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ بوونی ڕەسەنی خۆیدا سەرهەڵدەدات.

ئەخلاق ڕادیکاڵ ڕوانگەیەکە، کە بە شێوەیەکی تایبەت جیابوونەوە لە نۆرمەکانی ئەخلاق ئاسایی لەخۆدەگرێت و هەوڵدەدات چارەسەری نادادپەروەرییە سیستماتیکییەکان و ناهاوسەنگیی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا بکات. لەبەرئەوە هانی تاکەکان دەدات" کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە شیکاری بۆ بنەما ئەخلاقییەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان بکەن و پرسیاریان ئاڕاستە بکەن. ئەمەش وا دەکات لەلای تاک ڕەفتار و هەڵوێستی ئەخلاق شتێکی ڕێژەیی بێت، چونکە دەرهاویشتەی کولتوور و بارودۆخە **(**طە عبدالرحمان، ٢٠٠٠: ١٥-١٦**)**. لە ناوەڕۆکدا، ئەخلاق ڕادیکاڵ خەمی پێشخستنی یەکسانی و دادپەروەری و ڕزگاری بۆ گروپە پەراوێزخراوەکان، هەیە. جەخت لەسەر پێویستی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و بانگەشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەم و پێکهاتەی سەردەست دەکاتەوە، کە بە دیدی تاک سەرچاوەی ستەم و نایەکسانین.

ئەخلاقی ڕادیکاڵ ڕەخنەی بنەڕەتی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە هەبووەکان دەگرێت. تەحەدای دۆخی ئێستا دەکات و گریمانە و بەها بنەڕەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە سیستەمێکی ستەمکارانە دەپارێزن. زۆرجار ئەم ڕوانگە ئەخلاقییە بۆ چارەسەرکردنی نادادپەروەریی سیستەمەکان، داوای گۆڕانکاریی پێکهاتەیی بەرچاو دەکات. ئەخلاقی ڕادیکاڵ بە ڕژدی جەخت لەسەر دینامیکی دەسەڵات و ستەم دەکاتەوە. دان بەوەدا دەنێت کە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی تەنیا دەرئەنجامی کردار یان هەڵبژاردنی تاکەکەسی نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە پێکهاتە سیستماتیکییەکاندا هەیە."**(**جوناثان آي. إزرايل، ٢٠٢٠: ٨٨٨**)**. هەر لەبەرئەوە هەوڵدەدات ئەم ناهاوسەنگیانەی دەسەڵات چارەسەر بکات و دادپەروەری بۆ گروپە پەراوێزخراوەکان دەستەبەر بکات.

زۆرجار ئەخلاقی ڕادیکاڵ چەمکی (ئینتەرسێکشنالیتی-Intersectionality) لەخۆدەگرێت، کە دان بەوەدا دەنێت تاکەکان لە یەک کاتدا چەندین جۆری ستەمکاری ئەزموون دەکەن، وەک ڕەگەزپەرستی، سێکسیزم، چینایەتی و زۆر شتی تر. دان بە گرێدراوی جۆرە جیاوازەکانی ستەمکردندا دەنێت و ئامانجی ئەوەیە بەکۆمەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. **(**بڕوانە: Schaffer, 2004: 262**)**. واتە لێرەدا تاک بە هۆکارەکانی وەکو ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و توانا و زۆر شتی تر، لە کۆمەڵگەدا دەستکەوتیان هەبێت یاخود ڕووبەڕووی بێبەشکردن ببنەوە. بۆ چارەسەری ئەو پرسە، ئەخلاقی ڕادیکاڵ جەخت لەسەر کردەی بەکۆمەڵ و هاودەنگی لە دروستکردنی گۆڕانکاریدا دەکاتەوە. دان بەوەدا دەنێت، کە ڕەنگە هەڵوێستە تاکەکەسییەکان بەس نەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ناتەواوییانە، بەڵکو پێویستیان بە هەوڵ و هاودەنگیی کۆمەڵایەتی هەیە.

لە کاتێکدا زۆرێک لە چوارچێوە ئەخلاقییەکان سەرنج دەخەنە سەر کردەی ئەخلاقیی تاک و فەزیلەتی کەسی. بەڵام ئەخلاقی ڕادیکاڵی مەیلی ئەوەی هەیە، کە ڕزگاریی دەستەجەمعی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە پێشینەی خۆیدا دابنێت. زۆرجار ئەخلاقناسە ڕادیکاڵەکان وەک ئامرازێک بۆ دروستبوونی گۆڕانکاریی کاریگەر، بانگەشە بۆ چالاکی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەکەن. لەبەرئەوە ئەگەرچی هەندێک چوارچێوەی ئەخلاقی بنەمای ئەخلاقی گەردوونی یان ڕێسایی پێشنیار دەکەن، کە بۆ هەموو تاکەکان لە هەموو بارودۆخێکدا دەگونجێت. لەبەرامبەردا ئەخلاقی ڕادیکاڵ زۆرجار گومان لە گشتگیری دەکات و بە گرنگییەوە سەرنجی لەسەر کۆنتێکست و فرەچەشنی ئەزموونەکانی مرۆڤە. دان بەوەدا دەنێت کە ڕەنگە بنەما ئەخلاقییەکان پێویستیان بەجۆرێک لە نەرمی و گونجاندن لەگەڵ چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە جیاوازەکاندا هەبێت.

هەرچی دەربارەی چەمکی نائومێدییە لە ڕوانگەی سۆرین کیرکیگاردەوە، ئەوا ئەو وەک دیاردەی پچڕانی پەیوەندی تاک لەگەڵ بوونی ڕەسەنی خۆی و خۆناسی دەیبینێت. بۆ کیرکیگارد نائومێدی لاوازییەکی ڕۆحییە و کاتێک دەردەکەوێت، کە تاک نەتوانێت خودی ڕاستەقینەی خۆی لە باوەش بگرێت و بە پێچەوانەی بەها و ئارەزوو و تواناکانی خۆی دەجوڵێتەوە، ئەم جۆرە پێی دەگوترێت(نائومێدی لە ڕەتکردنەوەی خودبوون). جۆری دوومیان بریتییە لە (نائومێدی بێئیرادەیی) ئەم جۆرەی نائومێدی کاتێک دەردەکەوێت، کە تاک ئیرادەیەکی پتەوی نەبێت، واتە شکستهێنان لە دامەزراندنی پەیوەندییەکی مانادار لەگەڵ دەسەڵاتی باڵا *، بەو شێوەیەش بۆشاییەکی قوڵی بوونگەرایی و هەستکردن بە بێمانایی ئەزموون دەکات. **(**Kierkegaard, 1984: 22-25**)**.

ڕوانینی کیرکیگارد سەبارەت بە مرۆڤ، پەیوەستبوو بە چۆنیەتی بەشداریکردنی تاک و دەرکەوتنی لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی بوونگەرایانەدا، واتە ئەو تێگەیشتنەی کە ئازادی و ئەگەرەکانی گۆڕانکاری، بنەڕەتی بارودۆخی جیاوازی ژیان و بەدیهێنانی مرۆڤ پێکدەهێنن. بەگشتی ئەو پێی وابوو، کە تاک بوونێکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، بەڵکو ناسنامەیان پەیوەستە بەوەی، کە دەیەوێت لە داهاتوودا ببێت بەچی، ئەو بوونەی کە تاک بەرپرسیارێتییەکەی، خۆی هەڵی دەگرێت. لەم نێوەندەدا دەتوانرێت هەندێک هەڵوێست و هەست و سۆز ببینرێن، کە هەڵگری گرنگایەتییەکی تایبەتن، لەپێش هەمووشیانەوە هەستی (نائومێدی).

لەچوارێوەی هۆشیاریی خۆیدا، تاک تووشی نائومێدی دەبێت. لە هەندێک بارودۆخدا تاک درک بەوە دەکات کە هیچ شتێکی بابەتی نییە، کە ناچاری بکات یەک ڕێچکەی بیرکردنەوە لە دیاردەیەک بگرێتە بەر، واتە یەک ڕێچکەی بیرکردنەوە بگرێتەبەر و ڕێچکەیەکی تر فەرامۆش بکات. لەم نێوەندەدا و بۆ ئەم توێژینەوەیە چەمکی نائومێدی واتا نەریتییەکەی خۆی"نەبوونی هیوا"دەگۆڕێت بۆ شکستهێنانی تاک لە گەشەسەندنی خودی خۆیدا. لێرەدا تاک نائومێدە لەبەرئەوەنا کە هیوای نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە ناتوانێت یاخود نایەوێت بەرەو ئەو کەسێتییە هەنگاو بنێت، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەتوانێت ببێت.

نائومێدی واتە ململانێی تاک لەگەڵ بوونی ڕەسەنی خۆیدا. کاتێک کە کیرکیگارد باس لە نائومێدی دەکات وەک دەرئەنجامی ئامادەنەبوون بۆ ئەوەی مرۆڤ بەڕاستی بەو شێوەیە بێت، کە پێویستە ببێت، ئاماژەیە بۆ ئەو ململانێ و ناڕەزاییە نێوەکییەی، کە لە کاتێکدا تاکەکان بەڕەنگاری یاخود نکوڵی لە خودی ڕەسەنی خۆیان دەکەن، سەرهەڵدەدات. لەبارەی کیرکیگاردەوە، ستیڤن ئیڤانس (Evan, 2009: 20) دەڵێت:

"کیرکیگارد... خودی مرۆڤ نەک وەک بەرهەمێکی تەواو، جۆرێک لە بوون، بەڵکو وەکو پرۆسەیەکی بەردەوام لە گەشەسەندندا دەبێنێت. خود تەنها شتێک نییە کە من بم، بەڵکو شتێکە کە دەبێت ببم... خۆبوون دەستکردنە بە پرۆسەیەک، کە تێیدا مرۆڤ دەبێتە شتێک... لە بنەڕەتدا مرۆڤ لە نائومێدیدایە ئەگەر لە بوون بە خودێکی تەواو شکستی هێنا. ئەگەر تاک ئاگایی هەبوو بە بۆشاییەک لە خوددا، ئەوا ئەنجامەکەی ئەوەیە کە پێی دەگووترێت نائومێدی".

دەکرێت تاک بەهرە و توانایەکی زۆری بۆ بوون بە شاعیر هەبێت، بەڵام بەهۆی چاوەڕوانییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو توانا و بەهرەیە بۆ شتێکی تر بگۆڕێت. لێرەدا تاک ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی وەکو شاعیرێک سەرکوت دەکات و هەوڵدەدات لەنێو قاڵب و چوارچێوەی ئەو شتەدا جێی خۆی بکاتەوە، کە ئەوانی تر چاوەڕێی دەکەن. ئەم بابەتە هەندێک جار لەچوارچێوەی بارودۆخی دەروونی و بیرکردنەوەی تاکیشدا دەردەکەوێت، بە شێوەیەك دنیای ناوەوەی لەقاڵب دەدات بەو جۆرەی کە ئەوانی تر داوای دەکەن.

بە تێپەڕبوونی کات بڕیاری تاک بۆ نکوڵیکردن و فەرامۆشکردنی خودی ڕاستەقینەی خۆی، کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت. هەست بە ناتەواوی کارەکانی دەکات، پاڵنەری نییە و هەست بە بۆشاییەک لەخۆی و بیرکردنەوە و بارودۆخە دەروونییەکانی خۆیدا" دەکات. سەرەڕای سەرکەوتنی لە شتێکی تردا، یاخود هەتا ئەوەی دەبێت بە شاعیرێکی سەرکەوتوو و داهێنەر، بەڵام ناتوانێت لە هەستە بنەڕەتییەکە، کە نائومێدییە ڕزگاری ببێت. ئەم نائومێدییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئامادە نییە شوناسی خۆی وەکو شاعیرێک، یاخود شاعیرێکی ئازاد لە بیرکردنەوە و دەربڕینی هەستەکانیدا، قەبوڵبێت. لێرەدا شاعیر بە نکوڵیکردنی دنیابینی و بیرکردنەوە خودییەکانی خۆی بۆ

ئەوەی لەگەڵ نۆڕمەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت، دەرفەتی ژیانێکی هاوتەریب لەگەڵ خولیا و بەهرە خودییەکانی لەدەست دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە ناکۆکی و ناڕازیبوونی ناوەوە، کە کیرکیگارد بە نائومێدی ناوی بردووە.

لێرەدا تێگەیشتنی ئەخلاقی ئەوەیە، نکوڵیی تاک لە خودی ڕاستەقینەی خۆی و خۆگونجاندن لەگەڵ چاوەڕوانییە دەرەکییەکاندا، دەبێتە هۆی هەستکردن بە نائومێدی. گرنگە تاک خودی ڕەسەنی خۆی قەبوڵبێت و خولیا ڕاستەقیەنەکانی خۆی لە ئامێز بگرێت، لەسەر بنەمای بەها و باوەڕەکانی خۆی بژێت. بەوکارە تاک دەتوانێت ڕاستی بەدیبهێنێت و ژیانێکی مانادارانەی هەبێت. بەو شێوەیەی (ڕۆڵۆ مەی) ئاماژەی پێکردووە، هەوڵدان بۆ (خۆبوون-بوونی ڕەسەن) کاری ڕاستەقینەی مرۆڤە. "گرفتاری تاک لە خۆئاگاداریدا ڕوودەدات، چونکە تاک ناتوانێت لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیدا لەنێو کەڵەکبوونی دڵەڕاوکێکانیدا بجوڵێت، کیرکیگارد بە ڕوونی دەڵێت (خۆبوون) پەیوەستە بە توانای تاک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دڵەڕاوکێ و هەنگاونانی بەرەو پێشەوە." **(**may, 1950: 35**)**.

(مایکڵ واتس) بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ نائومێدی دەڕوانێت و پێی وایە، هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بێهیوابێت، لەوبارەیەوە دەڵێت:"...ئەگەر تۆ بەدەست نائومێدی بوونگەراییەوە دەناڵێنیت، ئەوە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتە بلیتی سەرکەوتنی تۆ لە گەیشتن بە ئازادی." **(**Watts, 2003: 177**)**.

لەگەڵ هێزی فریودانی خۆ، زۆرجار خواستی پابەندبوون و هاوڕێڕەوی لە مرۆڤدا، سەرچاوەی نائومێدین، چونکە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی لە زۆر بارودۆخدا مەیلی ئەوەی هەیە خۆی فریو بدات، هەروەها شێوازێکی دیاریکراوی ژیان، کە لەگەڵ ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوتەریب بێت، ڕەتناکاتەوە. واتە وەرگرتنی هەندێک ڕەفتار و ئارەزوو و هەڵبژاردنی باو، کە لەگەڵ کۆمەڵگەی هاوچەرخدا لەلایەن هەموانەوە پەیڕەو دەکرێت و تاک لە قەبوڵکردن یاخود ڕەتکردنەوەیاندا ئازاد نییە. ئەو هێزی دووەمە پێی دەگوترێت (شێوازی ژیانی کۆنفۆڕمیستی مۆدێرن). ئەو چەمکە لەبیرکردنەوەی هاوچەرخدا ئاماژەیە بۆ لایەنە نەرێنییەکانی ژیان، کە لەژێر کۆنترۆڵی نۆڕم و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەدایە. ژیانێک کە لەگەڵ ئازادی و خۆبەدیهێنانی تاکدا ناگونجێت. **(**بڕوانە:Sunstein, 2019: 57**)**.

یەکسانی ئاماژەیە بۆ مەیلی تاک بۆ وەرگرتنی بەها و ڕەفتار و بیر و باوەڕەکانی زۆرینە یان گروپی باڵادەست لە کۆمەڵگەدا. لەکاتێکدا دەکرێت یەکسانی سوودی خۆی هەبێت وەکو یەکێتیی کۆمەڵایەتی و هاوکاری نێوان تاکەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ببێتە هۆی لەدەستدانی تاکایەتی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەلای تاک. یەکسانی ڕەنگە تاک ناچار بکات لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی کولتوور و کۆمەڵگەدا خۆی بگونجێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاک بەدوای جۆرێک لە ئامانج و شێوازی ژیاندا بگەڕێت، کە لەگەڵ خولیا و ئارەزووە ڕاستەقینەکانیدا نەگونجێت و دواجار لە ناوەوەی خۆیدا هەست بە بۆشایی دەکات.

### ٢-٢ دیوە ئەخلاقییەکانی نائومێدی لە دەقی بۆ ئاگاداریدا

لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی گشتیدا دەقی (بۆ ئاگاداری) لە دەوری ژن و سروشت و خۆشەویستی و نائومێدی و شرۆڤەی کۆمەڵایەتیدا دەسووڕێتەوە. شاعیر هەستێکی قووڵ و کاریگەری بۆ ژن هەیە، و وەک سەرچاوەی ئیلهام و جوانی وێنایان دەکات. شیعرەکە تیشک دەخاتە

سەر وابەستەیی سۆزداری شاعیر بە جیهانی سروشتییەوە، جەخت لەسەر گرنگی توخمەکانی سروشت وەک گوڵ، گەڵا، شاخ و کانیاوەکان دەکاتەوە.

بە درێژایی شیعرەکە تەوەری دووبارەبووەوەی نائومێدی و حەسرەت هەیە. شاعیر خەم و گریان بۆ گەڵا وەریوەکانی گوڵ دەردەبڕێت، کە دەکرێت وەکو هێمای ئازار و ناخۆشیەکانی مرۆڤ تەماشا بکرێت. هەستکردن بە بێهیوایی و خۆشەویستی بێ وەڵام هەیە، وەک چۆن شاعیر هەست بە بێقەدری و لەبیرکردن دەکات لەلایەن ئەو کەسانەی کە ڕۆژگارێک بە بەنرخی دەزانین. هەروەها دەقەکە دەست دەخاتە سەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەخنە لە سروشتی ماتریالیستی ڕەگەزی مێ دەگرێت، کە سامان لە پێشینەی خۆشەویستی ڕاستەقینە دادەنێن. جگە لەوەش باس لە ناسنامەی شاعیر وەک کوردێک و پەیوەندییەکەی بە کوردستانەوە کراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە شانازیی نەتەوەیی و وابەستەبوون بە نیشتمانەکەیەوە. بەڵام زۆر بە ڕوونی ئاماژەیەک بە کەنارگیری و پەراوێزخستنی شاعیر لەلایەن نیشتیمان و وڵاتەکەیەوە هەیە.

لە کۆتاییەکانی دەقەکەدا، شاعیر گۆڕانکاری لە سەرنج و گرنگیپێدانیدا ڕادەگەیەنێت، بەڵێن دەدات شیعر بۆ هەژاران و ستەملێکراوان بنووسێت، وەک بناغەیەک بۆ شیعری مانادار و کاریگەر دەیانبینێت. ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی خواستێکە بۆ چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان و هاودەنگی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پەراوێزخراون.

بە گشتی بابەتی شیعرەکان لە دەوری ئەزموونە کەسییەکان و خۆشەویستی و سروشت و نائومێدی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەسوڕێتەوە و تابلۆیەک لە هەست و ڕەنگدانەوە لەسەر ژیان دروست دەکات.

هۆنراوەکانم هەر بۆ ئافرەت بوون
بۆ خونچەی گوڵ و بۆ جوانیی سروشت
خوێنیان ئەمژی لە بەهرەی دەروون
ڕستی زێڕین و جوانیان دائەڕشت

ئەم پارچەیەی دەقەکە هەر لەسەرەتاوە جەخت لەسەر دنیابینی و هەست و ئەزموونە کەسییەکانی شاعیر دەکاتەوە، کە پەیوەندییان بە ژن و سروشت و جوانییەوە هەیە. هەر لەسەرەتاوە گرنگیدان بە ئەزموونە کەسییەکان لە دەقەکەدا، ڕەنگە لەگەڵ ڕوانگەی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا کە جەختکردنەوەیە لەسەر تاکایەتی و بەدواداچوون بۆ ڕاستی کەسی، هاوتەریب بێت. جگە لەوەش ڕوانینی ڕۆمانسیانەی شاعیر بۆ پرسەکانی ژن و جوانیی سروشت لەم پارچەیەدا لەگەڵ جوانیناسیی بوون کە گرنگیدان بە ئەزموونە هەستییەکان لەخۆی دەگرێت، یەکدەگرێتەوە.

هۆنراوەکانم لەناو دەروونا
بۆ پەڕەی گوڵی وەریو ئەگریان
لە پایزێکی مات و زەبوونا
لەگەڵ وەیشوومەی زەردا ئەژیان

گریان بۆ گەڵا و گوڵی وەریو دەکرێت وەک میتافۆڕێک بۆ خەمی قووڵی شـــاعیر بەرامبەر بە سرووشــتی ڕاگوزەر و زوو تێپەڕیووی ژیان تەماشــا بکرێت. هاوســۆزی شــاعیر لەگەڵ گەڵا و گوڵی وەریو ڕەنگدانەوەی وەڵامێکی ســۆزدارانەی شـــاعیرە بەرامبەر بە ئازار و ئەو نابەردەوامییەی کە لە بووندا هەیە، دەکرێت ئەمە وەک دەربڕینی هەســـتیاریی ئەخلاقی شـــاعیر و بانگەوازێکی ئەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعە بوونگەراییەکان بە هاوسۆزییەوە لێکبدرێتەوە. بوونی تاکایەتی شاعیر لەم پارچەیەی شیعرەکەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە، (پایزی مات) و (وەیشوومەی زەرد) وەک هیمای گۆڕانکاری و تێپەڕبوونی کات دەردەکەون، ئەو هێمایانە و پەیوەســـت بە هێمای (پایز) دەتوانین وەک هۆشیارییەکی بوونگەرایانەی شاعیر بەرامبەر بە ڕاگوزەری ژیان و حەتمییەتی گۆڕانکاری ببینین. شـــاعیر لە ڕێگەی ئەم پارچەیەی دەقەکەیەوە خوێنەر بۆ بیرکردنەوە لە کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نابەردەوامیی ژیان و وەڵامە سۆزدارییەکان بۆ ئازار و گۆڕانکارییە سرووشتییەکانی ئەزموونی مرۆڤ، ئاڕاستە دەکات.

ئەی چاو ئەی کانیی بەهرەی پێشووی من
ئەی ڕوو ئەی مـانگی شـــەوی جـارانم
ئەی نــاز ئەی لەرەی شـــیرینی بەژن
ئەی زەردەخەنەی خەوی جـــارانـــم

لێرەدا ئەو توخمـانەی بوون خراونەتە ڕوو کە لە ئەزموون و ژیـانی کامەرانـدا گرنگی خۆیـان هەبووە، دەربڕینەکانی وەکو (چاو)، (کانی)، (مانگ)، (ناز)، (لەرەی لەش)، (خەوی جاران)، ئەم زمانە میتافۆڕییەی شـــاعیر ئاماژەیە بۆ پەیوەنـدییەکی قووڵی کەسی لەگەڵ ئەو توخمانەدا. ئەو دەربڕینانە دەتوانرێت وەک دانپێدانێکی شـاعیر بۆ ئەو کاریگەرییە قوڵەی کە ئەم ئەزموونانە لەسـەر گەشـەکردنی کەسـێتی شـاعیر هەیانبووە، تەماشـا بکرێت. بە دەربڕینێکی تر شـاعیر لە ڕێگەی ئەو پارچەیەی دەقەکەیەوە دان بە کاریگەری و هێزی گۆڕینی ئەو توخمـانەدا دەنێت، کە نوێنەرایەتیی سـەرچاوەیەکی بەهێزی حەقیقەتی سـوبژێکتیڤ و گەشـەی کەسـیی دەکەن. جگە لەوەی هەسـتێکی قوڵی پێزانینی شـاعیرە بەرامبەر ئەزموونە خودییەکەی و کاریگەرییەکانی ئەو توخمانە بە شـێوەیەکی گشتی، لەسەری.

بۆ کۆپلەی دواتریش، شـاعیر هەمان پێزانینی خۆی بۆ سروشـت و چیا و کچی وڵات هەیە، کە هەموویان بەیەکەوە جێپەنجەی خۆیان لەسـەر بیرکردنەوە و پێزانینی ئەخلاقی شاعیر هەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم پێزانینە ئاوێتەیە لەگەڵ هەسـتێکی قووڵی نۆسـتالۆجی شـاعیر، چونکە شـاعیر لەو دوو کۆپلەیەدا بە زمان و کاتی ڕابردوو (جاران) دەدوێت. ئیتر لێرەوە ئەم هەســتە نۆســـتالۆجییە شــاعیر بەرەو نائومێدی دەبات و تووشی هەستگۆڕکێی دەکات و پاژێکی ئەزموون و بوونی خۆی، کە سروشتی وڵات و ئافرەتە بەرەو لاکردنەوەی تەواوەتی لە هەژار و چەوســاوە بەجێدەهێڵێت، واتە شــاعیر کە پێشــتر ئەو سێ بابەتەی ئاوێتەی یەکتری دەکرد، ئیتر سـنوورێک لە نێوانیاندا دادەنێت و لەیەکتری جیایان دەکاتەوە، پاشان هەموو سەرنجی خۆی لەسەر بابەتی (هەژاردۆستی) چڕ دەکاتەوە.

سـەرەتای دەرکەوتنی نیگەرانییەکانی شـاعیر کە هۆکاری نائومێدییەکەشـییەتی، لەو کۆپلەیەوە دەست پێدەکات، کە تێیدا دەڵێت:

هــۆنــراوەکــانــم بــوون بە پەروانە
لە دەوری چرای ئێوە پەرەســــتن
خۆشــم بەم چەشــنە بووم بە دێوانە
بەڵام ئێوەی بــت بەهرە نەویســـتن

ئەم پارچەیەی دەقەکە، گوزارشـــت لە زنجیرەیەک بیر و ســـۆز دەکات، کە پەیوەندییان بە گۆڕینی ئاراســـتەی دەقەکانی شـــاعیرەوە هەیە، لە شـــتێکەوە (ئاراســـتەی یەکەم) بۆ شـــتێکی تر (ئاراســـتەی دووەم). دەربڕینی (بت) نوێنەرایەتی ئاراســـتەی یەکەم دەکات و مەبەســـتی شـــاعیر سروشت و جوانیی نیشتیمان و ئافرەت، ئەوانیش دەرکەوتەی (گەل و نەتەوە)ن. (پەروانە) ئاماژەیە بۆ جوانی و ناســـکی، زۆرجار گوزارشـــت لە گۆڕانکاری دەکات. ئەو شـــیعرانەی، کە پەروانە نوێنەرایەتییان دەکات، لە دەوری چرایەکدا دەســـوورێنەوە، کە ئەویش وەک ســـەرچاوەی ئیلهام دەردەکەوێت. کامەران لە ڕێگەی وەرگرتنی وێنەی (پەروانە و چرا) ترۆپکی ســـۆزی خۆی (واتە پیشـــاندانی قوربانی و فەنابوونی خۆی) بۆ نیشـــتیمان و ئافرەتیش وەکو دەرکەوتەیەکی نەتەوەیی دەردەبڕێت. بەڵام لەوێدا کە دەڵێت:"ئیوەی بت بەهرە نەویستن" لوتکەی نائومێدی خۆی پیشان دەدات، کاتێک کە ئەو بە هەموو گڕو تینێکەوە شیعری بۆ نووسیون، بەڵام ئەوان پێزانین و نرخیان بۆ شیعر و بەهرەی ئەو نەبووە.

بەگشـــتی ئەو پارچەیە تێکەڵەیەک لە هەســـت و ســـۆز دەگەیەنێت، لەوانە: گۆڕانکاری، ســـەرســـامبوون، هەوڵی تاکەکەسی و بیزاری لەوەی کە دانپێدانەنان و تێنەگەیشـــتن، لەلایەن ئەو کەســـانەوە کە شـــاعیر لە چوارچێوەی ئەزموون و ژیانی خۆیدا بەگرنگی زانیوون. هێنانی وینەی (پەروانە و چرا) و دانانی لەبەرامبەر وێنەی (بت و بەهرە)دا، وادەکات یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی دەق بۆ ئاگاداری بریتی بێت لە تەوەرەکانی ســـەرســـامی و داهێنان و پەســـەندخوازی و ئەو ڕووبڕکێیانەی، کە شاعیر لە ڕێگەی خۆناساندن و قبوڵکردندا، لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

گوڵ، گوڵی هەموو دەشــــت و چیایە
هەســـتی نیـانی و ژاکـان نـازانی
هەرچی نـاســـکی و ڕەنگینی تیـایە
ئەیبەخشی بە گشت نەک پەنجەی جوانی

لێرەدا کامەران لە ڕێگەی دەرخستنی جەوهەری گوڵەوە، کە لە سروشتی خۆیدا وایە کە موڵک یاخود ســەر بە یەک شــوێنی دیاریکراو نییە، واتە گوڵەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی شــوێن و جێگەیان، بەشـــێکی گرنگن لە دیمەنێکی جوان و گەورەتری بوون. بەڵام لێرەدا گوڵ مەبەســـت لێی مرۆڤ (شاعیر)ە، کە بە بێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت و پێزانین بێت، ئامادەی گیانفیدایی و قوربانیدانە. ئەم بۆچوونە بە دێڕی دووەمی پارچە دەقەکە پاڵپشـــتی دەکرێت، کە وەک چۆن گوڵ ئامادەیە جوانی و بۆن و ناسکی خۆی بە هەموو کەسێک ببەخشێت نەک بە تەنها دەست و مەچەکی کەسێک، بەو جۆرەش شــاعیر موڵکی هەموو میللەت و نیشــتیمانە، چۆن گوڵ لەو خۆبەخشــینەدا چاوەڕێی هیچ ناکات، بەوجۆرەش شاعیر چاوەڕێی پاداشت ناکات. ئەی کەواتە کامەران لەچی نیگەرانە؟

کچیش دڵداری هەر چەند بەتین بێ
هێشتا هەر شەیدای زێڕ و سامانە
خۆشەویستییەکەی چەند ئاگرین بێ
ئەیگۆڕێتەوە بە یەک گەردانە

نائومێدی کامەران لە دەقەکەدا لەم پارچەیەوە دەست پێدەکات، سەرچاوەی نائومێدییەکەشی بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە، کە دروستبووە و تێیدا مادده توانیویەتی جێگەی سۆز و خۆشەویستی بگرێتەوە و وا لە مرۆڤ بکات خۆشبەختی خۆی بە پارە بگۆڕێتەوە. دیارە ئەو دیاردەیە، کە کامەران ئاماژەی پێکردووە، پەیوەندییەکی زۆری بە جیاوازی ڕەگەزی و پێگەی کۆمەڵایەتیی ڕەگەزی (مێ)وە هەیە، کە سەرمایە ڕۆڵێکی زۆری لە دروستکردنی ئەو بارودۆخەدا گێڕاوە.

بۆ کامەران ئەوە گۆڕانکارییەکی دراماتیکییە کە تێیدا مرۆڤ شتێکی بەنرخ بە شتێکی پووچ و بێنرخ بگۆڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا نائومێدی کامەران لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئافرەت لە بارودۆخێکی وەهادا نەیتوانیوە هەڵگری بەها ناوەکی و کەسییەکانی خۆی بێت و لەو ڕێگەیەوە تیشک دەخاتە سەر ململانێ ئەگەرییەکان لە نێوان ئەخلاقی ڕادیکاڵ و بەها کۆمەڵایەتییە ئاساییەکاندا. ڕەنگە ویستی کچ بۆ خاوەندارێتیی (زێڕ و سامان) وەک دوورکەوتنەوە لە بوونی ڕەسەن سەیر بکرێت، چونکە بەهاکان، لەجێی باوەڕی کەسی، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پێوەرە دەرەکییەکانەوە. لێرەدا کامەران گوزارشت لە ڕوانینی کەسی بۆ خۆشەویستی، و ململانێی نێوان بەها مادییەکان و بڕیاردانی ئەخلاقی ڕەسەن و گۆڕینی هەڵبژاردنی کەسی دەکات.

هەروەها دەکرێت بە شێوەیەکی تر لێکدانەوەی ئەو پارچەیە بکەین بەوەی تیشک دەخاتە سەر ئارەزووە سۆزدارییەکانی (مێ) وتەرکیزکردنی (نێر) لەسەر سەروەت و سامانی ماددی، کە دەتوانرێت وەکو ڕەخنەیەک لە بێبەهاکردنی ئەزموونەکانی مێ لە کۆمەڵگەدا سەیر بکرێت، بە شێوەیەک کە دەستکەوتی ماددی لەپێشتر دابنرێت وەک لە پەیوەندییە سۆزدارییەکان. بەم مانایە دەقەکە ڕەنگە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەست بۆ هەندێک لایەنی فیمینزمی بوونگەرایی ببات، لەو ڕێگەیەوە کە تیشک دەخاتە سەر ئەزموونی تاکەکەسی کچ و ئەو سنووردارکردنەی کە لەلایەن پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە سەریدا سەپێنراون.

کوردستانیشم کە من شاعیریم
لێم نەدی لەگەڵ منا نیان بێ
من کە فرمێسکی هۆنراوە ئەگریم
ڕۆژێ نەمدیوە بۆم میهرەبان بێ

لێرەوە نیگەرانی و نائومێدی لە دەقەکەدا دەرکەوتەی تری هەیە، کە سەرچاوەکەی بۆ ڕەقی گوتاری ڕەخنەی کوردی بەرامبەر بە کامەران دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە بەرامبەری میهرەبان بن و ڕێزی بەهرە و شیعرەکانی بگرن. ئەوەی ئەو ویستوویەتی پێگەیەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بەرزە، لەو کەسانەی کە ڕۆژگارێک کامەران لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە لەگەڵ

خەم و ئێش و ئازاریان هاوبەشی دەکرد، نەک سـەروەت و سـامان. ئیتر لەوێوە کامەران دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر شـیعر بۆ خۆشـەویسـتی و جوانیی ئافرەت و سروشـت و جوانیی نیشـتیمان نەڵێت {هەڵبەتە ئەو بۆچوونە بۆ ئەم دەقە ڕاســتە، مەرج نییە هەموو دەقەکانی دیوانی زەبری هۆنراوە لەو پرسـانەوە دوور بن، کە لەم دەقەدا شـاعیر ڕووی لێوەرگێڕاون}، بەڵکو ئیتر ڕوو لە ئاراسـتەی دووەم واتە (هەژار و چینی چەوساوە) دەکات.

ئەم گۆڕینی ئاراســتەیە، لەگەڵ ئەوەی کە لە شــیعرەکانی پێشــتریشــیا هەر هەیە. وەک ئاماژەمانپێکردووە، کە ناتوانرێت بە تەواوی دەقێکی کامەران بێنیت {مەبەســت لەو دەقانەیە کە خوێنەر پێی وایە بۆ نیشــتیمان یاخود بۆ چینی چەوســاوە نووســیویەتی} و پرسی نەتەوە و چینی چەوســاوەی لێ دەربێنیت و جیایان بکەیتەوە، بەڵام ئەم ڕووکردنە ئاراسـتەی دووەمە لە دەق (بۆ ئاگاداری)دا، پەیوەندی بە کاردانەوەی شـاعیر بەرامبەر نایەکسـانیی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیە، چونکە کامەران پێی وابووە، شـۆڕش و شـیعری ئەو بۆ ئەوە بووە، کە ئیتر کەسی برسی و چەوسـاوە نەمێنێت و لەژێر سێبەری نەتەوەدا هەمووان وەک یەک مافی ژیان و خۆشبەختییان هەبێت.

تەنیـا هۆنراوە ئەڵێم بۆ هەژار
هەر لەگەڵ ئێوەم ئەی هەژارینە
تەنیـا هۆنراوە ئەڵێم بۆ هەژار
هەژار هەوێنی شــیعری خوێنینە

ڕووکردنە چینی هەژار لەو پارچەیەدا، گەڕانی کامەرانە بەدوای بوونی ڕەسەنی خۆیدا، هەروەها هەوڵێکە بۆ کەشفکردنی بەهای ئەخلاقیی نوێ، کە پەیوەست بێت بە بیرکردنەوە و دنیای ناوەوەی خۆیەوە. ئەم توێژینەوەیە ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو، بەهای شیعرنووسین بۆ هەژار و چینی چەوساوە لەوەوە ســەرچاوەی نەگرتووە، کە ئیتر کامەران ســەر بەو چینەیە و هەر بۆ ئەوانیش دەنووسـێت، بەڵکو سـەنگ و قورسـایی لەوێدایە، کە ئیتر کامەران بڕیاردەدات، لە چوارچێوەی گوتاری گشـتی و بەها گشتییە ئەخلاقییەکاندا نەمێنێتەوە، بەڵکو ئەوەبێت کە خۆی دەیەوێت و قەناعەتی پێیەتی.

کەواتە بەشـێوەیەکی گشـتی دەق (بۆ ئاگاداری) لەدەوری بابەتەکانی سروشـت و نیشـتیمان و ئافرەت دەسـوڕێتەوە و وەک سـەرچاوەیەکی بەنرخی ئیلهام و بەهرەی شـیعری تەماشـایان دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا لە دەقەکەدا" هەموو ئەو تەوەرانە ســەرچاوەی نائومێدین لەلای کامەران. هەنـدێـک دەربڕینی کاریگەری وەکو: وەرینی پەڕەی گوڵ، پـەروانـە، چرا، بـت... هتـد، هەموویـان ڕێگەیان خۆشــکردووە بۆ ئەوەی کامەران گوزارشـــت لە ئازارەکانی خۆی بکات، ئەو ئازارەی کە لە ئەنجامی بێئومێدبوونی شــاعیر لە ئەوانی ترەوە تووشی بووە. لەگەڵ ئەوەی لەســەرەتای دەقەکەدا پیزانین و نرخاندنی بۆ نیشـتیمان و سروشـت و ئافرەت هەیە، بەڵام لە بەشـەکانی کۆتاییدا، شـاعیر بەرەو ئاراسـتەی مرۆڤی هەژار و چەوسـاوە دەڕوات، و پێی وایە لە ڕێگەی شـیعرەکانییەوە پێویسـتە خزمەتی چینی هەژار و چەوســاوە بکات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان شــۆڕش بکات. نائومێدی شاعیر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەوانی تر قەدر و پێزانینیان بۆ کامەران و شیعرەکانی نەبووە.

ســەرەڕای نائومێدی باو، توێژینەوەکە دان بەوەدا دەنێت، کە دەقەکە توخمەکانی هیوای تێدایە. خۆبەخشــی کامەران بۆ نووســینی شــیعر بۆ هەژاران، ئاماژەیە بۆ پابەندبوونێکی ئەخلاقی و

باوەڕبوون بە هێزی گۆڕینی ئەدەب. ئەم هیوایە لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەدەب دەبێت ڕەنگدانەوەی کێشەکانی میللەت بێت و بەشداری لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیدا بکات.

**ئەنجام:** بە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە ئەخلاقییەکانی چەمکی نائومێدی لە دەقی بۆ ئاگاداریدا، دەتوانرێت تیشک بخرێتە سەر ئەم ئەنجامە سەرەکیانەی خوارەوە:

1. تەوەری سەرەکی لە شیعری بۆ ئاگاداریدا، بریتییە لە نائومێدی، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناداتپەروەرپی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیە، هەروەها ئەو بارودۆخە کاریگەری لەسەر پابەندبوونە ئەخلاقییەکانی شاعیر هەبووە.
2. شاعیر لە چوارچێوەی دەقەکەیدا نائومێدی و بێزاری خۆی بەرامبەر وڵاتەکەی و گەلەکەی دەردەبڕێت، لەبەرئەوەی پێزانینیان بۆ شاعیر و بەرهەمەکانی (شیعر) نەبووە، ئەوەش بەو هۆکارەی گوایە کامەران تووشی بچڕان و گۆڕانی فیکری بووە و پرسی هەژاران و ستەملێکراوان لە خەباتی نەتەوەیی جیا دەکاتەوە. ئەم ڕەخنەیە زیاتر هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی هەستی نائومێدی و گۆشەگیری لەلای شاعیر.
3. دەقی بۆ ئاگاداری وا لە خوێنەرەکەی دەکات، کە هەڵوێست و گریمانە ئەخلاقییەکانی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە. هانی خوێنەر دەدات سەرلەنوێ نۆرمەکانی کۆمەڵگە یاخود بەها کەسییەکان بخاتەوە ژێر ڕۆشنایی ئەو واقیعەی، کە لە شیعرەکەدا وێنا دەکرێت.
4. دەقی بۆ ئاگاداری وەک میدیۆمێک بۆ گوزارشتکردن لە خەباتی نێوەکی و هەست و سۆزە ناکۆکەکانی کامەران کار دەکات. پرسیار لەبارەی ئامانجی شاعیر و مەبەستە شیعرییەکان و هەروەها بێهیوایی لە هەلومەرجە (کۆمەڵایەتی-سیاسی)یە باوەکان دەوروژێنێت.
5. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئاڵۆزیی ئەخلاقی نائومێدی لە دەقەکەدا، نائومێدیی کامەران دەکرێت وەک بانگەوازێک بۆ خۆڕاگری و داوای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگە ببینین.
6. نائومێدی لە دەقی بۆ ئاگاداریدا، نوێنەرایەتیی خواستی کامەرانە بۆ بەرجەستەکردنی بوونی ڕەسەنی خۆی و هەوڵێکە بۆ ئەوەی لەدەرەوەی گوتاری ئەوانیتردا بێت و خۆی بێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

**کتێب:**


1. عارف، محمد صدیق (١٩٥٨)، *کامەران و هۆنراوەی نوێ (لێکۆڵینەوە)*. سلێمانی، نامەخانەی گەلاوێژ.
2. کاکەی فەلاح، حەمە حەمە ئەمین قارد (٢٠٢٠) *کاروانی شیعری نوێی کوردی*. چاپی یەکەم، سنە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان.
3. موکری، کامەران (٢٠١٣) *دیوانی کامەران موکری*. ئامادەکردنی: دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ ؟.

**گۆڤار:**

4. عەلی، دڵشاد (١٩٩٠) *سیمای داهێنان لە هۆنراوەکانی کامەران دا*. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٥) وەرزی بەهار، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
5. محمد، دڵشاد عەلی ؛ مصطفی، محمد فاضل (٢٠٠٠) *شیعری سیاسی کوردی لە کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا ١٩٤٥-١٩٥٨* . گۆڤاری زانکۆ، ژمارە (١٠)، (٣) ی حوزەیران، ساڵی چوارەم، هەولێر، ل٥-٢٧.

6. ئاوارە، ساجد (١٠٨٩) *رشتەی ناوەڕۆک لە هۆنراوەی کامەران دا*. گۆڤاری نووسەری کورد، خولی سێهەم، ژمارە حەوت، ل ١٤٦-١٥٤.

**ڕۆژنامە:**

7. بەهرە (١٩٧٢) *کامەران و کارەساتی وشکبوونەوەی شاعیر*. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارەی تایبەت، (١)ی کانوونی دووەم، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل١-٤٤.
8. جنسکایا، ئینیتا مودر (١٩٧٠) *نەتەوەکان و مەسەلەی نەتەوایەتی: خەسیەتە بنەڕەتەکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی نیشتیمانی ئەم قۆناغە کامانەن؟*. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٨)، هەینی (٦)ی ئازار، سالی یەکەم، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل١-١٦.
9. ڕۆژنامەی هاوکاری (١٩٧٠) *بەیاننامەیەکی گرنگ و پشتگیری شۆرشی عێراق*. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٦)، هەینی (١٢) ی شوبات، سالی یەکەم، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل١-١٦.
10. زمناکۆ (١٩٧١) *زەبری هۆنراوە کارەساتی چرنۆک گرتن*. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٦)، (١٨)ی کانوونی یەکەم، سالی دووەم، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل١-٨.
11. شۆڕش، سامی (١٩٧١) *زەبری هۆنراوە و کارەساتی وشکبوونەوە*. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٤)، (٤)ی کانوونی یەکەم، سالی دووەم، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل١-٨.
12. عارف، حسێن (١٩٧٠) *کامەران و کاروان لە کورتە وتووێژێکدا*. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٨)، هەینی ٣/٦، سالی یەکەم، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل١-١٦.
13. موکری، کامەران (١٩٧٠) *لەگەڵ کامەران دا*. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٦)، شەممە ٥/٢، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل ١-٨.
14. مەجید، فوئاد (١٩٧٢) *سامی شۆرش و کارەساتی هێرشبردن لە جیاتی ڕەخنەگرتن*. ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (٥٥)، (پێنجشەممە ٢/٣) ی سالی (٢)، سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەلاح، بەغداد: دەزگای گشتی و چاپەمەنی بڵاوکردنەوە، ل١-٤).

**کتێبە عەرەبییەکان:**

15. إزرايل، جوناثان آي (٢٠٢٠) *التنوير متنازعا فيه: الفلسفة والحداثة وانعتاق الإنسان*. ترجمة: محمد زاهي المغيربي، ونجيب الحصادي، البحرين: هيئة البحرين للثقافة والآثار.
16. عبد الرحمن، طه (٢٠٠٠) *سؤال الأخلاق: مساهمة في النقد الأخلاقي للحداثة الغربية*، الطبع: الأولى، المغريب-الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي.

**کتێبە ئینگلیزییەکان**

17. Evan C. Stephan (2009) *Kierkegard: An Introduction.* New York: Cambridge University Press.
18. May, Rollo (1950) *The Meaning Of Anxiety*. New York: The Ronald Press Company.
19. Watts, Michael (2003) *Kierkegaard*. England: Oneworld Publications.
20. Sunstein Cass R. (2019) *CONFORMITY: The Power of Social Influences.* New York: New York University.
21. Kierkegaard, Søren (1989) *The Sickness Unto Death.* Translated, introduction and notes: Alastair Hanny. England: Penguin Group.
22. Schaffer, Scott (2004) *Resisting Ethics*. First Edition, England: Palgrave Macmillan.

---

* لێرەدا جۆری دووەمی نائومێدی کە کیرکیگارد بۆ تێکچوون و لاوازیی پەیوەندی تاک لەگەڵ دەسەڵاتی خودادا بەکاری دەهێنێت، لە فەلسەفەی لاهوتی کیرکیگاردا وەکو (گوناهی نائومێدی-the sin of despair) باس دەکرێت، بەڵام ئەم توێژینەوەیە دەسەڵاتی باڵا وەکو دەسەڵات و سیستەم و چین و کۆمەڵگە و کولتوور تەماشا دەکات و لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.